# چیمان ئاماده کردوه بۆ ڕەمەزان

[ به کوردی ]

# ماذا أعددنا لرمضان

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز

الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و
وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# چیمان ئامادە کردوە بۆ ڕەمەزان

میوانی چاوەڕوان کراو:

شەوان ڕۆشت و ڕۆژان هات و، مانگەکان یەکە یەکە لە دوای یەکە هاتن و، ساڵیش تەواو بوو و، وا ئێستا ئێمە چاوەڕوانی میاوانێکی زۆر ئازیزین ، ئەو میوانەبەڕێزە تایبەتە بەقورئان و زیکر و چاکەو گوێڕایەڵی کردن و زیاد بوونی باوەڕ .

فەزلی ڕەمەزان:

باشترین و خۆشترین و گەورەترین بۆنە بریتیە لەمانگی ڕەمەزان، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت :(( من صام رمضان إيماناً واحتساباً، غفر له ما تقدّم من ذنبه ))متفق عليه.

بەڕاستی مانگێکی زۆر گەورەیە و بۆنەیەکی زۆر پیرۆزە، چونکە دەرونەکان خاوێن دەبنەوەو دەرگای خێر و چاکە زیاتر دەبێت و بەزەیی دادەبەزێت و پلەکان بەرز دەبنەوە.

برای بەڕێزم: مانگی ڕەمەزان تایبەتمەندێتی هەیەبەچەنها شتی گەورە، لەوانە:

یەکەم: بەرۆژوبونی پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام، خوا گەورەدەفەرموێت :{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ }.

دووەم: مانگی دابەزینی قورئانە، خوای گەورە دەفەرموێت :{ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ }.

سییەم: پەیوەندی هەیە بەچونە ژورەوە بۆ نێو بەهەشت و رزگار بوون لەئاگری دۆزەخ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت :(( إن في الجنة باباً يقال له الريان، يدخل منه الصائمون فإذا دخلوا أغلق فلا يدخل فيها غيرهم)) .

برا و خوشکی موسڵمان:ئایە خۆشحاڵییت ئامادە کردوە بە بۆنەی هاتنی مانگی قورئانی پیرۆز؟

خۆشەویستان: ئا ئەوە پێغەمبەری خۆشەویستمانە صلی الله علیه وسلم مزگێنی و مژدەی دەدا بەهاوڵەکانی ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ بەهاتنی ئەو مانگەپیرۆزەو پێیانی دەفەرمو : ((أتاكم رمضان شهر مبارك فرض الله عز وجل عليكم صيامه ، تفتح فيه أبواب السماء ! وتغلق فيه أبواب الجحيم ! وتغل فيه مردة الشياطين ! لله فيه ليلة خير من ألف شهر ! من حرم خيرها فقد حرم ! )) رواه النسائي والبيهقي:صحيح الترغيب : 985

ئیبنو ڕەجەب ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت: "ئەم فەرمودەیەبەڵگەو بنچینەیەبەپیرۆز بایی خەڵکی لەیەکتر بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە، چۆن باوەڕدار پێخۆشحاڵ نابێت بەکردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت، وەچۆن تاوانبار خۆشحاڵ نابێت بەداخستنی دەرگاکانی دۆزەخ، وەچۆن مرۆڤی ژیرو عاقڵ خۆشحاڵ نابێت بەبەستنەوەی شەیتانەکان ".

برا و خوشکانی موسڵمان: ئایە نیەت و نیازی ڕاستت ئامادەکردوە؟

ئایەگەڕاوی لەنێو دڵی خۆت لەکاتێکدا کەپێشوازی لەڕەمەزان دەکەیت؟

ئایە دەزانیت کەوا خەڵکانێکی زۆر هەیە دەچنە نێو ڕەمەزانەوە بەبێ نیەتێکی ڕاست؟! مەبستم لەنیەتی ڕۆژو بوون نیە، چونکە ئەمە هەموو رۆژوانێك هەیەتی، بەڵام مەبستم لە نیاز پاکی لەرۆژو بوون و، ڕاستگۆیی کردنە لەپەرستش و بەندایەتی کردن لەو مانگەپیرۆزە.

براو خوشکان موسڵمان: ڕەمەزان مانگی لێخۆشبوونە.. ئایە لیپرسینەوەی دەرونی خۆت کردوە؟!

چەند جار مانگی ڕەمەزان تێپەڕ دەبێت بەسەر زۆرێك لەخەڵكی و ئەوان بێ ئاگان لێی!

ئازیزان: لەو كەسانەمەبن كەخۆیان بەتەواوەتی ئامادەناكەن بۆ پێشوازی كردن لەو مانگەپیرۆزە.. وەلەو كەسانەمەبن كە بەسەرپێچی و تاوانەوەدەچنەنێو ڕەمەزانەوە! وەرۆژو بونیان هیچ گاریگەری لەسەریان نیە! هەر چۆن چونەتەژورەوەهەر بەو شێوەیەش دەردەچن!

بێ گومان گوناە و تاوان شوێنەواری گەورەی هەیەلەسەر دڵ ڕەقی مرۆڤ،وەڕەمەزان مانگی بەندایەتیە..مانگی دڵەنەرمەكانە.. وەئەگەر دڵێكی نەرمی بۆ ئامادەنەكەیت كەبەتاڵ بێت لەتاوان و گوناە ئەوەلەدەریاكەبەتەنیایی دەمێنیتەوە..

برایان و خوشكان: ئایەخۆت ئامادەكردوەبۆ كردنەوەی لاپەڕەیەكی نوێ؟

ئەگەر لاپەڕەی ژیانت پڕە لەگوناە و تاوان... ئەوەمانگی ڕەمەزان باشترین فرسەتە بۆ كردنەوەی لاپەڕەیەكی سپی ، بۆ ئەوەی پڕیكەی لەكردەوەی تازەو چاك!

خۆشەویستان: رۆژەكانی ڕەمەزان وەكو رۆژەكانی تری لێ مەكە، بەڵام ئیستغلالی بكەبۆ گوێرایەڵی خوای گەورە..

جابر ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەفرموێت:" ەگەر بەرۆژو بویت، ئەوەبا گوێیت و،چاوت و، زوبانت و، بەرۆژو بن لەدرۆ و، قەدەغەكراوەكان و، ئەزیت دانی دراوسیكەتە، وەبا سۆزو بەزەییت پێوەدیار بێت، وەنەكەیرۆژی بەرۆژو بوونت وەكو ئەو رۆژەلێ بكەییت كەبەرۆژوو نیت".

براي بەڕێزم : ئەگەر لەوكەسانەبوییت كەلەپێش ڕەمەزان تەمبەڵیت كردوەلەئەنجامدانی نوێژەكانت لەمزگەوت ئەوەمانگی ڕەمەزان بكەبەفرسەت بۆ ئەوەی مزگەوتەكان ئاوەدان بكەیتەوە..

وەئەگەر ڕەزیل بویت لەبەخشینی پارە.. ئەوەئەم مانگەپیرۆزەبكە بەفرسەت بۆ بەخشینی پارەكەت بەسەر هەژاران و ئیشی چاكە...

برایان خۆشكانی موسڵمان: ئایەخۆتان ئامادەكردوەبۆ ئەوەی لەو كەسانەبن كەخوای گەورەڕزگاریان دەكات لەئاگر لەو مانگەپیرۆزە؟

گەورەترین مەبەست لەرۆژو بوون لەمانگی ڕەمەزان، پاش جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە، بریتیەلەڕزگار بوون لەئاگری دۆزەخ !

بەڕاستی ئەو کەسەبەختەوەرەکەبەهۆی رۆژوبونەوەکەیەوە خوا لێی خۆش بێت.. وەلەو کەسانەبێت کەبەهەشتی بەرینی پێ دەبەخشرێیت..

خۆشەویستانی ڕێگای خوا: زۆر گرنگەمرۆڤی موسڵمان بترسێت لەسزای خوای گەورە! چونکەبەهۆی ئاگرەوەپیاو چاکان ئارامیان گرتوەلەسەر ناڕەحەتیەکانی ژیانی دونیا بۆ ئەوەی لەدوا رۆژدا لەئاسایشدا بژیین!

لەکۆتاییدا دەڵێیم: با وەکو ئەو کەسەنەبین کەسەفەری کرد بۆ ماوەی ( ٣٠ ) رۆژ بۆ ئەوەی شتێکی دەسکەوێت.. بەڵام کەگەڕاەیەوەهیچی دەسکەوت و، تەنها ماندوو بونی بۆ مایەوە...

ئێمەیش ئەگەر بەتەواوەتی خۆمان ئامادەنەکەین بۆ ئەو مانگەپیرۆزە... ئەوەبێ گومان وەکو ئەو کابرایەمان لێ دێیت ـ خوا پەنا بدات .

داواکارم لەخوای گەورەبەسۆز و بەزەیی خۆی یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەباشترین شێوەپەرستش و بەندایەتی بکەین لەو مانگەپیرۆزە.. وەلەگوناهەکانمان خۆش بێت.

وصلى الله وسلم على قائدنا وحبيبنا ونبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين